# وێنەکەی شێوەکاری جیهانی(لۆسین فرۆید) ریکۆردی جیهانی شکاند



حەسیب زاخۆیی/ ئەڵمانیا
hasibzakhoy@yahoo.com



لەماوەی رابوردوو، ریکۆدرێکی جیهانی لە گرانبەهاترین وێنەی شێوەکاری تۆمارکرا، کاتێک لە مەزاتخانەی (کریستین)ی نیۆیۆرک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، تابلۆیەکی نیگارکێشی بەنێوبانگی بەرەگەز بەریتانی (لۆسین فرۆید) ، بە بەهای (٣٣) ملیۆن و (٦٠٠) هەزار دۆلار فرۆشرا.

نیگاری تابلۆیەکی کارێکی سروشتییە و وێنەی ئافرەتێکی ئوستوراڵیاییە بەنێوی ، کە وێنەی ئافرەتێکی رووتە و تێیدا فلچەی زەیتی و ستانداردی سروشتی تێدا بەکارهاتووە.

ئەو تابلۆیە ناوی (هاوکاری ماددیی لەکاتی خەو) ە و فرۆید لە ساڵی ١٩٩٥ و دوای نزیکەی چوار ساڵ خەریکبوون و هیلاکبوون بە دیارییەوە، کێشاویەتی.

ئافرەتە رووتەکە ناوی (سوتێڵی) یە و خەڵکی ئۆستوراڵیایە و تەمەنی ٥١ ساڵە، دوای ئەوەی تابلۆیەکە ئەو ریکۆدرەی شکاند گوتی: زۆر خۆشحاڵم بەوەی بوومەتە، ناونیشانی تابلۆیەکی گەورە هونەرمەندێکی وەکو لۆرسین فرۆید، لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا خەرجییەکی زۆری لێم سەرف کرد، تاکو وێنەکەمی کێشا، لێ دوای ئەو مەزاتخانەیە گۆشتێکی چاکی دەسکەوت».

تەمەنی ئێستای فرۆید هەشتا و پێنج ساڵە، ئەو لەکاتێکدا تابلۆیەکانی ئەو نرخە خەیاڵییانە دەکەن، کە خۆی لەسەر ژیان ماوە، بەپێچەوانەی نیگارکێشە بەنێوبانگەکانی تری جیهان، نمونەی لیۆناردۆ داڤینشی ئیتاڵیایی (خاوەنی نیگاری بەنێوبانگی مۆنالیزا) و ڤان کۆخ (خاوەنی نیگاری بەنێوبانگی گوڵەبەڕۆژە) کە تا لە ژیاندا بوون، بەوپەڕی کوڵەمەرگی و هەژاری دەژیان، پاشان تابلۆکانیان بە ملیۆنان دۆلار فرۆشرا، کە پارەکەی نەچووە گیرفانی ئەوان. بەڵام ئەو ملیۆنان دۆلارەی فرۆید دەبێتە موڵکی تایبەتی خۆی.

لۆرسین فرۆید، ئەمجارەیان ریکۆدری خۆی شکاندەوە، دوای ئەوەی لە مانگی نۆڤێمبەری پار ساڵدا لە هەمان مەزاتخانە، تابلۆی (دڵەکانی هەڵواسراو بە دار)ی بە بەهای ٢٣ ملیۆن و پێنجسەد هەزار دۆلار فرۆشرا.

ئەوەی شایەنی وتنە، ریکۆردەکە بۆ هونەرمەندێکی زیندوو شکێنرا، کە تابلۆکەی ئەو بەهایە بکات. چونکە تابلۆکانی بیکاسۆ و ڤانکۆخ و رێنوار، لە مەزاتخانەکان زۆر لەوە زیاتر فرۆشراون.

ئەمانەی خوارەوەش دە تابلۆ گرانترینەکەی جیهانن.



تابلۆی هەرزەکار و غلیۆن
بیکاسۆ (٢ ,١٠٤ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی دۆرا مار و پشیلە
بیکاسۆ (٢ ,٩٥ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی دۆکتۆر جاشیە
ڤانکۆخ (٥ ,٨٢ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی ئاهەنگی گالیێت
ڕێنوار (١ ,٧٨ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی کوشتارگەی بێتاوانەکان
ڕۆبێنز (٧ ,٧٦ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی کەسێکی بێ ردێن
ڤانکۆخ ( ٥ ,٧١ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی میوە
سیزان (٥ ,٦٠ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی ئافرەت
بیکاسۆ (٥٥ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی گوڵی سەوسەن
ڤانکۆخ (٩ ,٥٣ ملیۆن دۆلار)



تابلۆی ئافرەتێکی دانیشتوو لە باخچە
بیکاسۆ ( ٥ ,٤٩ ملیۆن دۆلار)